SORANI

# شارەوانیی ئۆرەبرو

2019-12-13

## بۆ ئەو سەرپەرشتە، کە داوای خوێندنگا بۆ منداڵەکەی دەکات

## ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بۆ داواکردنی خوێندنگا بۆ منداڵەکەت

ئەمە زانیارییە بۆ ئەو کەسە، کە منداڵەکەی کۆتایی ساڵیەتی لە خوێندنگاکەی. تۆ دەبێ داوای ئەو خوێندنگایە بکەی، کە ئارەزووت لێیە منداڵەکەت بخوێنێت تیایدا لە پایزی 2019.

ئێمە تا لە توانامان بێت، منداڵەکەت وەردەگرین لەو خوێندنگایە، کە ئارەزووت لێیە. دەتوانیت داوای هەر خوێندنگایەك بکەیت لەناو شارەوانییەکەدا. ئێمە تا لە توانامان بێت، منداڵەکەت وەردەگرین لەو خوێندنگایە، کە ئارەزووت لێیە. ئەگەر زۆر کەس داوای شوێنی کرد لەو خوێندنگایە، کە تۆ داواتکردووە، ئەو کاتە نێزیکی ماڵی قوتابییەکە لە خوێندنگاکەوە، بەر چاو دەگیرێت بۆ وەرگرتنی خوێندنگاکە.

لە ناو orebro.se/sokaskola دەتوانیت زۆرتر بخوێنیتەوە لەبارەی چۆنێتیی بەشکردنی شوێنەکان لە خوێندنگاکە. لەوێ لیستەیەك هەیە، کە ناو هەموو خوێندنگاکانی شارەوانی ئۆرەبروی تیادایە، خوێندنگای شارەوانیی و خوێندنگای سەربەخۆ.

**داوای خوێندنگای شارەوانیی بکە لە 15 جانیوەری تا 31 جانیوەری**

کاتێك بڕیارت دا لەبارەی ئەو خوێندنگایانە خۆت و منداڵەکەت ئارەزووتان لێیانە، دەبێ داواکارییەکەت تۆماربکەیت لە خزمەتگوزاری ئەلکترۆنییەکەمان. دەتوانیت تا پێنج خوێندنگا هەڵبژێریت. هەموو سەرپەرشتەکان دەبێ ئیمێل و ناسنامەی بانکیان (Bank-ID) هەبێت تا بتوانن خزمەتگوزارییە ئەلکترۆنییەکە بەکاربهێنن. هەموو سەرپەرشتی منداڵەکان دەبێ واژووی داواکارییە نووسراوەکان بکەن لە ناو خزمەتگوزارییە ئەلکترۆنییەکە تا 31 جانیوەری، دەنا دوای ئەم بەروارە داواکە ئیتر ناخوات.

ئەگەر ناتوانیت خزمەتگوزاریی ئەلکترۆنی بەکاربهێنیت، دەتوانیت داواکاریی بکەیت بە فۆرمی کاخەز. فۆرم هەیە لە ناو orebro.se/sokaskola یان دەیهێنیت لە ناوەندی خزمەتگوزاریی.

خزمەتگوزاریی ئەلکترۆنییەکە وازە لە ماوەی داواکردنی خوێندنگا لە 15 جانیوەری تا 31 جانیوەری. ئەگەر داوادەکەیت بەهۆی فۆرمی کاخەز، 31 جانیوەری دوا بەروارە بۆ گەیشتنی داواکارییەکەت بە دەست شارەوانیی ئۆرەبرو و دەبێ واژۆ بکرێت لەلایەن هەموو سەرپەرشتەکانەوە، دەنا داواکارییەکە ناخوات.

کۆتایی مانگی مارس دوا کاتە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو خوێندنگایە کە منداڵەکەت لێی وەرگیراوە.

## خوێندنگای سەربەخۆ

ئەگەر دەخوازی داوای خوێندن بکەیت بۆ منداڵەکەت لە خوێندنگای سەربەخۆ، پەیوەندی ڕاستەخۆ بکە بە خوێندنگاکەوە. ئەوان مامەڵە دەکەن لەگەڵ وەرگرتنی منداڵ لە خوێندنگاکەیان. دەتوانیت لە هەمان کاتدا داوای وەرگرتنی منداڵەکەت بکەیت لە خوێندنگای شارەوانیی و سەربەخۆ. ئەگەر تۆ دوایی دەخوازیت داوابکەیت منداڵەکەت بڕوا بۆ خوێندنگای ئازاد، ئەو کاتە دەبێ ئاگاداری ناوەندی خزمەتگوزاری بکەیت.

## گواستنەوە بۆ خوێندنگا

ئەگەر منداڵەکەت دەستدەکات بە خوێندن لە پۆلی 4 و زیاتر لە چوار کیلومەتر ماڵتان دوورە لە خوێندنگا نوێکەیەوە، ئەو کاتە لە هەندێ دۆخدا منداڵەکەت مافی هەیە بۆ گواستنەوە بۆ خوێندنگا. ئەگەر منداڵەکەت دەستدەکات بە خوێندن لە پۆلی 7، ئەو کات دەبێ زیاتر لە پێنج کیلومەتر ماڵتان دوور بێت لە خوێندنگا نوێکەوە. دوورییەکە دەژمێررێت لە ئەو ناونیشانەوە کە منداڵەکەت دانیشتنی تیایدا تۆمارکراوە تا ئەو خوێندنگا کە شارەوانییەکە دەستنیشانی کردووە بۆ قوتابییەکە تەنانەت ئەگەر قوتابییەکە خوێندنگایەکی تریشی هەڵبژاردبوو بخوێنێ تیایدا.

ئێمە داوات لێ دەکەین کە داوای گواستنەوە بۆ خوێندنگا بکەیت لە هەمان کاتی داواکردنی خوێندنگا. ئەو کاتە بڕیاری گواستنەوە بۆ خوێندنگا وەردەگریت پێش دەستپێکردنی خوێندنگا. داوای گواستنەوە بۆ خوێندنگا دەبێ بکرێت پێش دەستپێکردنی هەر ساڵێکی خوێندنی نوێ.

**بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد**

ئەگەر منداڵەکەت پێویستی هەیە بە بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد، داوای دەکەیت کاتێ دەزانیت منداڵەکەت لە چ خوێندنگایەك وەرگیراوە.

## لێرە دەتوانیت زانیاریی زیاتر وەربگریت

لە www.orebro.se/sokaskola دەتوانیت زۆرتر بخوێنیتەوە لەبارەی چۆنییەتی داواکردنی وەرگرتن لە خوێندنگا و زانیاریی زیاتر دەبینیتەوە لەبارەی گواستنەوە بۆ خوێندنگا و بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد.

هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بکەی بە ناوەندی خزمەتگوزاریی بە هۆی ژمارە تەلەفۆن: 00 10 21-019، servicecenter@orebro.se یان servicecenter@t-meeting.se (زمانی ئاماژە بۆ مرۆڤی کەڕ).

## In other languages

The information above is also available at our preschools/schools in Arabic, English, Finnish Sorani and Somali. Contact your preschool or our Service Centre at 019-21 10 00 or servicecenter@orebro.se if you have any questions.